# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی  گوورچیلە

Nephrotic disease

***بەشی یانزدەهەم***

گوڵاڵە پشدەری
Qualified Nurse



**پێرست**

1- گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان
2- گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟
3- توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان
4- گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێن- Hypertension
5- گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن- Diabetes
6- گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و توانای زاوزێ- Fertility
7- کێشەی ویراسی  بلۆقە کان-کیسەکانی گوورچیلە  - Kidney Cysts Genetic
8- بەردی گوورچیلە- Kidney Stone
9- التهابی  ڕێگای میز-Cystitis Inflammation&Urethritis Inflammation
10- التهابی بەشی  پاڵاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە- Glomerulonephritis
11-لووی گوورچیلە-Kidney tumor
12- کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە- Chronic Renal failure / kidney failure
13- پاڵاوتنی خوێن-Dyalese
14- گۆڕینی گوورچیلە- Kidney Transplantation

**بەشی یانزدەهەم**

## تومۆر یان لووی گوورچیلە

ئەگەر مرۆڤ ببیستێت کە لوو- تومۆری گوورچیلەی هەیە، ئەوە زۆر هەستێکی  ناخۆش و مەترسیدارە، چۆنکە باس لە شێرپەنجەی گوورچیلە دەکرێت.

کە یەکێک تومۆری هەبوو ئەوە وا دەزانن ئیتر نەخۆشییەکی بێ چارەسەریە. لەم سەردەمەدا و لە هەموو حالەتێکدا وانییە، بە دڵنیای وانییە کە لووەکە-تومۆرەکە لە قۆناغێکی سەرەتاییدا بدۆزرێتەوە.
لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە واتا  Diagnose و  نەخۆشییەکە بەرەو کوێ دەچێت واتا  Prognose و چارەسەری واتا  Treatment ی لووە-تومۆری گوورچیلە.
تومۆری گوورچیلە زیاتر لە تەمەنی گەوراندا پێش دێت، هەندێک جاریش لە مناڵاندا.

دوو جۆر تومۆر هەن کە زیاتر لە جۆرەکانی تر پێش دێن. ئەم جۆرەی کە زیاتر دبیندرێت تومۆری جۆری Grawitz tumor .ئەم تومۆرە لە گەوران دا پێش دێت.

جۆرێکی تریان کە زۆر تومۆرێکی  ناسراوە جۆریWilms tumor. ئەم تومۆرە لە تەمەنی منالّیدا پێش دێت.

The Grawitz tumor

80%–85% لە تومۆرەکانی گوورچیلە جۆری  Grawitz tumor ، هەروەها پێی ئەوترێت ' hyper nephroom ' یان ' adenocarcinoom ' هی گوورچیلە (شێرپەنجە).تومۆرەکە زیاتر لە تەمەنی پەنجا تا شەست ساڵ دا پەیدا ئەبێت. ڕێژەکەشی لە پیاواندا دووبەرانبەرە تاکو ئافرەتان. و ئە وانەی کە سیگار ئەکێشن ئەگەری تووشبوونیان زیاترە لە کەسانێک کە سیگار ناکێشن.

## نیشانەکان

ماوەیکی دوور و درێژ کێشە و ئازار نیە و یان ئەگەر هەبێت، زۆر کەمە.

یەکەم نیشانە خوێن لەبەر چوون کاتێ میزکردنە بە بێ ئازار. میزەکە لەوانەیە ڕەنگی سووری نەبێت بەڵکو ڕەنگی هەندێک تاریک/قاوەیی بێت.

نیشانەی تری ئەوەیە کە ئازارێکی ئاڵۆز/نادیار لە تەنیشت/کەلەکە دا ئەبێت، هەروەها هەست کردن بە ئەستووڕییەک /خڕاییەک لە زگدا و یان لە دەوروبەری گوورچیلەدا.

لە کۆتاییدا هەبوونی تای بەهێز و هیچ هۆکارێکی تریش بۆ تایەکە نەبێت.

تومۆرەکانی  Grawitz لەم سەردەمەدا بە بێ ئەوەی نیشانەکانیش نادیار بن ئەوان  لە قۆناغێکی سەرەتاییدا ئەدۆزرێنەوە.

تومۆرەکە لەوانەیە لە کاتی    Echo ئەنجامدان کە بۆ مەبەستێکی تر بێت  بدۆزرێتەوە. چۆنکە تومۆرەکە نیشانەی نیە یان کەمترە ، ئەوە لە ڕێژەی یەک لە سەر سێی نەخۆشەکان لە قۆناغی بڵاوبوونەوەی دا ئەدۆزرێتەوە  Metastase .

بڵاوبوونەوەکە بە تایبەتی لە ناو سییەکان،جەرگ و ئێسکەکاندا ڕووی دەدات. هەروەها بڵاوبوونەوەکە لە قۆناغی سەرەتاییدا مە رج نییە کێشە و ئازار نیشان بدات.

## توێژینەوە

ئەگەر پزیشک گوومانی هەبوو لە هەبوونی تومۆری گراویتز، ئەوە نەخۆشەکە دەنێرێت بۆ ئەنجامدانی  Echo& Röntgen واتا بە سۆنەر و بە تیشک توێژینەوە دەست پێدەکات بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە واتا

Diagnosis .ئەگەر دڵنیا بوو کە تومۆرە ،ئەوە هەندێک توێژینەوەی بە ووردیتری بۆ ئەنجام دەدرێت ئەوەێش

بە تەکنیکی  CT–scan ،ئەمە زانیاری زیاتر بە دەست ئەدات لە بارەی تومۆرەکە. لە پەنای ئەوەشدا پزیشک توێژینەوە لە سەر خوێن و هەندێکجار بە  ڕێگای Isotopes دەکات، ئەوە بۆ ئەوەیە کە پزیشک بزانێت ئایا تومۆرەکە تەنیا لە ناو گوورچیلەدایە و یان لە شوێنی تریش بڵاو بۆتەوە.

## چارەسەری


<u>چارەسەری بۆ ئەم تومۆرانەی کە بڵاو نەبوونەتەوە</u>

ئەگەر تومۆرەکە تەنیا لە گوورچیلەی گرتبێتەوە ئەوە تەواى گوورچیلە دەردەهێندرێت (Nephrectom y)، لە گەڵ گلاندی کە لە سەرووی گوورچیلەیە واتا Adrenal gland و هەروەها بەشە نەرمکەی کە لە دەورووبەری گوورچیلەدایە. هەندێکجار لووە بە سوودەکانی لەشی مرۆڤ کە لە دەورووبەری تووموٚرەکەدان Lymph node دەریان دهێنن، چۆنکە ئەوانە زوو تووش دەبن و بڵاو بوونەوە بە ڕێگای ئەمانەوە ئەگەری زۆرە. ئەم نەشتەرگەرییە هەندێک قوورسە و نەخۆش ئەبێت بە لایەنی کەمەوە ماوەی چوواردە ڕۆژ لە نەخۆشخانە دا بخەوێت. مرۆڤ ئەتوانێت بە
گوورچیلەکەی تری بە بێ کێشە ژیان بباتە سەر.


ئەگەر تومۆرەکە دەرهێنرا ئەوە ، ئەگەری زۆرە کە نەخۆشییەکە بەرەو باشبوون بڕوات و شێرپەنجەکە بپەڕێت.

ئەگەری باشبوونەوە دواى پێنج ساڵ پاش نەشتەرگە ری لە ژیاندامانی نەخۆشەکە لە نێوان 60%–80 % دایە. ئەگەر تومۆرەکە بچووکتر بێت ئەوە ڕێژەکە لە سەرەوەترە.

ئەگەر تومۆرەکە بە تەواوی دەرنەهێندرابێت، ئەوە ئەگەری لە ژیان دامانی نەخۆشەکە دواى پێنج ساڵ پاش نەشتەرگەری 30 % ئەبێت. تومۆری گراویتز لە بەساڵاچوواندا هە ندێکجار دەرناهێندرێت چۆنکە زۆر لە سەرخۆ گەورە دەبێت، بۆ نموونە کاتێک کە نەخۆش نەخۆشییەکی سەختتر یان زۆر بە کێشەتری هەبێت لە کێشەی تومۆرەکە.




<u>گلاندەکانی نۆرماڵی لەشی مرۆڤ لە ئافرەتان و لە پیاواندا</u>
<u>بەشێک لە باسەکەمان Adrenal gland دەگرێتەوە</u>
<u>کە جێگای لە سەر گوورچیلەکانە</u>




<u>شێوە یان دارِشتنی لووە بەسوودەکانی لەشی مرۆڤ Lymph node</u>

<u>چارەسەری بۆ ئەم تومۆرانەی کە بڵاو بوونەتەوە</u>


**ئەگەر تومۆرەکە بڵاو بوویێتەوە، ئەوە نەشتەرگەری ئیترهیچ سوودێکی نیە. لە کاتێکدا نەشتەرگەری ئەنجام ئەردێت کە کێشەی یەکجار زۆر لە ئارا دابێت، وەکو ئازاری زۆر و یان لەدەستدانی خوێن لە گەڵ میزدا.لێرەدا تەنیا چارەسەری کێشەی نیشانەکەی ئەم نەخۆشییە دەکرێت نەک چارەسەری خودی خۆی نەخۆشییەکە کە دەرەنجامی بڵاوبوونەوە دا پەیدا بوون.**
**لە هەندێک حالەتدا لەوانەیە** Radiotherapy **بە تیشک سوودی هەبێت.** Chemotherapy **چارەسەری بە کیمیایی گووایە هیچ کەڵکی نیە و کاریگەری نیە لە سەر تومۆری گراویتز. کەم یان زیاد تەنیا 10 % لەم نەخۆشانە دووای دەستنیشان کردن و بڵاوبوونەوەی تومۆرەکە پاش پێنج ساڵ لە ژیاندا ئەمێنن.ئەوەش پەیوەستە بە رەوشتی گشتی نەخۆشەکە ئینجا ئایا نەخۆشەکە کێشە و ئازاری هەیە یان تومۆرەکە بڵاو بۆتەوە یان نە. ئەگەر نەخۆشییەکە بڵاوبوونەوەی زۆر بێت ئەوە بواری بێ گوومان باش نابێت و بەروە ئەپەڕی مەترسی دەڕوات.**
**یەک ڕێگاچارەسەری نوێ هاتۆتە ئاراوە کە پێی ئەڵێن:** Immunotherapy **و پرینسیپی ئەم چارەسەرییە ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی ئاستی هێزی بەرگری بەرامبەر بە** Tumorcell **(خانەکانی لووەکە–تومۆرەکە) دەکات.**
**بۆ ئەمە هەندێک مادەپێکهاتەی هێزی بەرگری تایبەت کە لە کاتی ئاساییدا بە ڕێژەیەکی کەم لە خودی خۆی لەشدا هەیە ، بەڵام ئەم مادەیە لە تاقیگەدا درووست دەکرێت و ڕێژەیەکی زۆر لەم مادەیە بە ڕێگای دەرزی لە جەستەی نەخۆش دەدرێت(تەزریق). ئەم تەکنیکە ئێستاش هەر بە شێوەی تاقی کردنەوەیە** Experimental **و لە وڵاتی هۆڵەندا دا لە هەندێک نەخۆشخانەی ئاکادێمی ئەنجام ئەدرێت.**

## The Wilms tumor

**ئەم جۆرە تومۆرە 10 % لە تەواوی تومۆرەکانە کە لە تەمەنی منالّیدا دێتە ئاراوە. کەم یان زیاد 75 % لەم نەخۆشانەی کە ئەم تومۆرە تووشیان دەبێت لە تەمەنی خوارەوەی پێنج سالّن. زۆر بە کەم ڕووی دەدات کە تومۆرەکە ویراسی بێت.**
**ئەم تومۆرە زیاتر لە یەک گوورچیلەدایە و هەندێک جاریش لە هەردوویاندایە.**

### نیشانەکان

**زیاتر دایک یان باوکی منالەکە ئەبینێت کە زگی منالّەکە ئەستوور دەبێت یان شوێنێکی زگی منالەکە دەئاوسێت.**
**کاتێ دەست لێدان بە ئاسانی هەست بە نائاسییەک دەکرێت. منالّەکەش لەوانەیە تووشی ئازاری زگ بێت. یەک لە سەر سێی لەم منالّانە ئازاری زگیان هەیە. یەک لە سەر چوار منال خوێن لە ناو میزیان دەبیندرێت. و نیشانەیەکی تری ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە تای بێ هۆیە یانی نەزاندراوە ئەم تایە لە چییەوە دێت. هەروەها کاتێ پشکنینی زۆربەی منالّەکان بەرزی پەستانی خوێنیان هەیە.**




<u>**نیشانەکانی هەبوونی تومۆری(لووی) Wilmstumor**</u>

1– ئازاری زگBelly–ache
2– خوێن لە ناو میزدا Hematury
3– بەرزی پەستانی خوێنHypertension
4– تای بەرزFever–febris



### توویژینەوە

**بە شێوەیەکی گشتی هەر ئەم توێژەنەوانەی کە لە حالّەتی تومۆری گراویتز ئەنجام ئەدرێت وەک:**
**Echo,Rontgen,CT–scan end Isotpes ئەنجام ئەدرێت.**

### چارەسەری

**ئەگەری چارەسەری سەرکەوتوو و باش زۆرە بۆ تومۆری ویلم( wilmstumor )، هەتا ئەگەر تومۆرەکە بلاویش بووبێتەوە.**
**بەلاّم چارەسەرییەکە ئەرکی زۆرە و بە لایەنی کەمەوە نیو سالّی پێدەچێت. بۆ ئەم مەبەسەت هەمیشە منالّەکە لە نەخۆشخانەی منالاّن یان نەخۆشخانەی تایبەتی شێرپەنجە دەخەوێنن.**

چارەسەرییەکە بە شێوەی دوولایەنە دەکرێت وەک: چارەسەری بە نەشتەرگەری و بە ڕێگای مادە کیمیایەکان و زۆرجاریش بە تیشک واتا ( peration,chemotherapy,Radiotherapy ).
بەڕاستی چارەسەری بە ڕێگای کیمیایی هەندێک دواکێشەی ناخۆشی هەیە وەک؛ هەڵوەرینی قژ ، ئێڵنج هاتن(دڵتێکهەڵاتن) و ڕشانەوە.
هەرچەندە چارەسەرییەکە زۆر بە ئەرک و دژوارە بەڵام ئەم منداڵەکان لەم ڕێگا دژوارەدا نامێننەوە و سەرکەوتوون.
80% تا 90 % لەم منالآنە کە تومۆرەکەیان بڵاو نەبووبێتەوە چاک دەبنەوە.
ئەگەر تومۆرەکە بڵاو بووبێتەوە ئەم ڕێژەیە بە گوێرەی چۆنییەتی و لە چ ڕادەیەکە ئەگەری چاکبوونەوە لە نێوان
50 % تا 80 % دایە.
ئەگەر دوو ساڵ چارەسەری تومۆرەکە نەگەڕاییەوە، ئەتواندرێت بوترێت کە منداڵەکە چارەسەرکراوە.
زۆر کەم ڕووئەدات کە هەردوو گورچیلە پێویست بکات دەربهێندرێن،کە لە دوای ئەمە ئەبێت کاری گورچیلە بە شێوەی"کاری گورچیلە بە تەواوی وەرگرتن" بێت. زۆر لە منالان هەن کە گورچیلەی نوێیان بۆ دانراوە و بە بێ کێشەی سەرەکی ژیان ئەبەنە سەر.

سەرچاوەکان:


ک/ U en Uw Gezondheid نووسینی drs. Luc De Vries & drs. Sandra Schrooyen
www.nierstichting.nl
www.wikipedia.nl
www.cancer.gov



gulala pshdery
Nederland
24 July 2007
Goli–67@hotmail.com